# زمانی کوردی و سیاسەتی زمان
# لە عێراق و هەرێمی کوردستان




**موئمین زەڵمی**

**٢٠١٩**



- ناوی کتێب: زمانی کوردی و سیاسەتی زمان له عێراق و هەرێمی کوردستان
- نوسەر: موئمین زەڵمی
- جۆر: توێژینەوە
- ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١٩
- ئەم توێژینەوەیە بە زنجیرە لە "چاوی خەڵک" بڵاوکراوەتەوە.

# ناوەڕۆک


- پێشەکی ٥
- زمانی کوردی لە یەکەم ڕابوونی کوردیدا ٧
- مێژووی سیاسەتی زمانی کوردی و ئەلفبێ ١١
- هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفبای کوردی ١٦
- زمانی کوردی لە دەسەڵاتەکانی عێراقدا ٢٧
- زمانی کوردی لە دەستووری عێراقدا ٣٧
- زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا ٤٠
- حکومەتی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی ٤٣
- ئەنجامگیری ٥٣
- کۆتایی ٥٩
- سەرچاوەکان ٦٥


...

# پێشەکی

زۆرینەی وڵاتانی دونیا سیاسەتی زمانییان هەیە، بۆ ئەوەشیان دارِشتووە کە پشتیوانی لە زمانێك یان چەند زمانێك بکەن یان کۆسپ بخەنە بەریان. هەرچەندە نەتەوەکان لە مێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانیان بۆ ئەوە دارِشتووە کە زمانێك لەسەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێش بخەن، ئێستا زۆر لە وڵاتان سیاسەتی زمانیان بۆ پێشخستنی دارِشتووە، ئەو زمانە خۆجێی و نەتەوەییانەی هەرِەشە لەسەر مانەوەیاندا هەیە. حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمان دادەرِێژێت لەرِێگەی یاساکاری یان برِیارە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی دیاربکرێت چۆن زمانەکان بەکاربێن؟، یان ئەو توانا زمانەوانییە ببووژێندرێتەوە، کە پێویستن بۆئەوەی پرسە هەرە لەپێشە نیشتمانییەکان بەرِێوە ببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکە کەس یان گرووپەکان لە بەکارهێنانو پارێزگاریکردن لەزمانەکانیان. پارێزگاری لە هەمەجۆریی کولتوورو زمان لەجیهانی ئەمرِۆدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەالیەن زاناو هونەرمەندو نووسەرو سیاسەتوانو رِێبەرانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکانو داکۆکیکاران لەمافی زمانەوانیی مرۆڤـ ئەم لێکۆڵینەوە

لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە مێژووی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانێت و هەوڵ دەدات لایەنە جیاوازەکانی دەرکەوتنی زمانی کوردی روونبکاتەوە، هاوکات باس لە سیاسەتی زمانەوانی حکومەتە جیاوازەکان دەکرێت، کاریگەرییەکانی زمان لەسەر سێکتەرەکانی ژیان رۆشن دەکرێنەوە و پیشنیاری پێویست دەخرێنە روو.

# زمانی کوردی لە یەکەم ڕابوونی کوردیدا

کورد نەتەوەیەکی دێرین، کە بە زمانی کوردی دەدوێت کە پێکهاتەی ژمارەیەک دیالێکتی جیاواز کە بەپێی دیمۆگرافیای هەرێمە جیاوازەکان دابەشبووە، کوردەکان لەبەر ئەوە پاش خەباتی سەدان ساڵە هێشتا نەبووەنە خاوەنی کیانی خۆیان بەسەر وڵاتانی تورکیا، ئێران و عێراق و سوریادا دابەشبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان وەک پەنابەر روویان لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان کردووە بە شێوەیەک کەم وڵاتی سەرزەوی هەیە ژمارەیەک کوردی تێدا نەژێت.

ساڵی ١٨٩٨ بە خاڵێکی درەوشاوەی مێژووی کورد دادەنرێت کە تەکانێکی گەورەی بە دەرکەوتنی زمانی کوردی داوە، چونکە لەرۆژی ٢٢/نیسانی/ ١٨٩٨ میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پڕ مەینەت و زەحمەت بەڵام دەرگایەکی شارستانی بۆ گەڵە ستەم دیدەکەی خۆی خستە سەرپشت و یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) دامەزراند لەو رۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەریوەیە بۆ بەدیهینانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و رزگاری کوردو کوردستان.

بەپێ ی سەرچاوەکان رۆژنامەکە سێ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا، ٢٠٠٠ دانەی بەخۆڕایی لە کوردستان لی دابەش دەکرا.

ئەگەرچی دەرچواندنی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دوور لە خاک و خەڵکی ستەم لێکراوی کورد بەهۆی زۆڵم و فشاری ناحەزانی گەلی کورد بووە چەندین جاریش جێگۆڕکێی پێکراوە، ئەو پیشەیە ئەگەر لە مێژودا بە ناوی (پیشەی گەڕان بەدوای سەرئێشەدا) ناوی دەرکردبێت، رۆژنامەگەری کوردی تا ئەمڕۆش گەڕان بووە بە دوای مەرگدا! (ڕابەر، ٢٠١٤).

هەندێک لە شۆرە سوارەکانی مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی ، ئەوانەی کۆچی دوایی یان کردوە میقداد مەدحەت بەدرخان خاوەنی (رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ ) عەبدول کەریم ئەفەندی خاوەنی گۆڤاری (رۆژی کورد١٩١٣) مستەفا پاشا یامولکی خاوەنی (گۆڤاری بانگ کوردستان ١٩٢٢) مێژونوس حسین حوزنی موکریانی خاوەنی (گۆڤاری زاری کرمانجی ١٩٢٦) ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی (گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩ ) ماموستا عەلائەدین سەجادی (خاوەنی گۆڤاری نزار) ماموستا ئەنوەر مائی

خاوەنی (گۆڤاری رۆناهی) پیرەمیردی شاعیر (خاوەنی رۆژانەی ژین) مەلا شەریف ڕەنگەریژی خاوەنی (رۆژنامەی ئازادی ١٩٤٥ ) ماموستا گیو موکریانی خاوەنی (گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤ )، جگە لە سەدان نووسەر و رۆشنبیرو هونەرمەند دڵسۆزانە لە رۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووە لە گەشە پێدانی رۆژنامەگەری کوردی دا وەکو ماموستا عەبدولا گۆران / مەعروف بەرزنجی /غەفور میرزا کەریم / جەلالی میرازا کەریم / ئەمینی میرزا کەریم / ئەحمەد غەفور/ مەلا ئەنوەر مائی / شاعیری بەناوبانگ قانیع / ماموستا شاکر فەتاح / محەمەد تۆفیق وردی / محەمەد مەولود مەم / سالح حەیدەری / دەیانی تر.

ئەم ڕەوتە رۆژنامەوانییانە بەردەوامیان هەبووە و لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکدا گوڕوتینی زیاتر بە نوسەران و رۆژنامەڤانانی کوردەوە زیاتر بینراوە بۆ کارپێکردن و نوسین بە زمانی کوردی، ئەگەر سەرنجی ژمارە سەرەتاییەکانی رۆژنامەی (کوردستان) بدەیت دەردەکەوێت کە زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا زاڵترە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی رۆژنامەکە لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، ئەم گەشەکردنەش لە زاراوە و زمان و دەستەوازژەی کوردیدا دواتر فراوانتر بووە.

# مێژووی سیاسەتی زمانی کوردی و ئەلفبێی کوردی

ئەگەرچی ئەم توێژینەوە قسەی جیدیی دەبێت لەسەر خاوەندارێتی ئەلفوبێی کوردی کە مایەی شانازییە بۆ کوردەکان کە ئەم ئەلفوبێیەیان هەیە و دواتریش ئاڕاستە جیاوازەکان ڕووندەکەینەوە بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە بە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران بوون و ئەلفوبێی ڕەسمیی ئەو دوو وڵاتە ئەلفوبێی عەرەبی بوو، کوردەکانیش تا پێش ٣٠ەکان تەنیا ئەلفوبێی عەرەبییان بۆ نووسینی کوردی بەکار دەهێنا.

لە تورکیا، لە دوای بە فەرمیکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی، جەلادەت عەلی بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٢ ئەلفوبێیێکی لاتینیی بۆ زمانی کوردی داهێنا کە ئێستا بە ناوی "ئەلفوبێی هاوار" یان "بەدرخان" دەناسرێت. بەڵام لەگەڵ هەژموونە سیاسییەکەدا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی ئەلفوبێ جیاوازەکانی بۆ زمانی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری حوکمدارەکانەوە، لە تورکیا و بەشێکی سوریا کوردەکان بە لاتینی نوسینیان هەبووە، لە عێراق و ئێرانیش ئەلفوبێی کوردی کە هاوشێوەیە عەرەبی و فارسییە بەکاردەهێنرێت.

مێژووی زمانی کوردی، دەقگرتوو نییە و هەمیشە ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە دیتووە. هەنووکە نزیکەی ٤٠ میلیۆن کورد لە ئاستی جیهانی دا بە شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی دەدوێن. لە بەر ئەوەی نیشتمانی کورد لە نێو دڵی جوگرافییای رۆژهەڵاتی نێوەراست دا دابەش کراوە و کورد یەک لە نەتەوە هەرە گەورەکانی بێدەوڵەتە، پێوەندی نێوان کوردان لە گەڵ یەکتری و لەملا و ئەولای سنووران هەمیشە ئەستەم بووە. تەنێ لە دوای کۆتایی ٧٠:کان دا گونجاوە ئاخێوەرانی شێوەزارە جۆر بە جۆرەکانی کوردی لەم بەر ئەو بەری سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستان بەرێوە دەبن پێوەندی لەگەل یەکدی بکەن. هەرچی ئەو دواییيانە، لە سەردەمی تۆڕی پێوەندی ئەنتەرنێتیدا دا، کوردەکان دەستیان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی زمانی خۆیان کردووە کە دەکرێ هەڵی ئەوەیان بۆ برەخسێنێ لە ئاستی نەتەوەیی دا خۆیان وەگەڕ خەن بۆ دەستەبەر کردنی ئەوەی زمانی کوردی وەکوو زمانی سەرەکی لە لایەن منداڵەکانیانەوە بە کار بهێندرێ. پاشەڕۆژی زمانی کوردی لە جیهانێکی ئێلێکترۆنیدا کە هەتا دێ گەورەتر دەبێتەوە، بەستراوەتەوە بە توانای خۆ دەربڕین بە زمانی خۆ و گەیاندی پێداویستییەکانی هەنووکەیی و ئەو بابەتانی وا لە بەر دەم ئەو خەڵکەی کە قسەی پێ دەکەن قوت دەبنەوە. لە هەمان کات دا،

گەنجانی کورد کە زۆر دوور لە کوردستان دەژین توانایی ئەوەیان هەیە نەریتێکی پێوەندی گرتن بە زمانی خۆیان بەڕێگەی ئینترنێت دابمەزرێنن. ئێستا کوردەکان چوار سیستمی ناستانداردی رێنووس بەکاردەهێنن.

کوردەکانی باکوور ئەلفوبێیەکی ئاڵوگۆڕکراوی ترکی لە سەربنەمای خەتی لاتینی بەکار دەبەن، کوردەکانی مەڵبەندە نێوەندییەکانی کوردستان ئەلفوبێییەکی ئاڵوگۆڕکراوی عەڕەبی بەکاردەهێنن، کوردەکانی سۆڤییەتی پێشوو لە ئەلفوبێیی ئاڵوگۆڕکراوی سیریلی بۆ نووسینی کوردی کەلک وەردەگرن و کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا تاڕادەیەکی بەربڵاو کوردی، بە ئەلفوبێی فارسی دەنووسن.

نەبوونی سیستمێکی یەکگرتووی رێنووس بڵاو کردنەوە و مێدییای بەشێکی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێکەلک دەکا، هەر بۆیە رێککەوتنێکی گشتی دەستبەجێ بۆ هەبوونی سیستمێکی هاوبەش بۆ نووسینی هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی لەگۆڕێدایە.

بە گوێرەی وتارێک کە ماڵپەڕی فەرمی ئەکادیما بڵاویکردۆتەوە: "ئاکادێمی زمانی کوردی [کال] لە کەم و کووڕیی زۆری ئەو سیستمانەی نووسینی زمانی کوردی کە

ئێستا کەلکییان لێوەردەگیرێ ئاگادارە". ئەو کەموکورتییانە بریتین لە: لەکارهاتوویی، بەکارهاتن دەنێو زاراوەکاندا، و نەبوونی ستانداردەکانی نێونەتەوەیی لە سەربنەمای ئای.تی و نوێنەرایەتی نەکرانی زمانی کوردی لەو بوارانەدا. بۆ رزگاربوون لەوچەت و بەرهەڵستانەی کە هەبوونی سیستمە جۆربەجۆرەکانی رێنووسی کوردی پێکیان هێناوە، کال ئەلفوبێیەکی یەکگرتووی ستانداری کوردی (ئەلفوبێی یەکگرتوو) هێناوەتە گۆڕێ لە سەر بنەمای ستاندارده نێونەتەوەیەکانی ئای.ئێس.ئۆ-٨٨٥٩–١.

ئەو ئەلفوبێیە مۆدێڕنە کوردییە ئاڵوگۆڕێکی کەمی لەو سیستمەرێنووسەی کە لەسەربنەمای خەتی لاتینی هەڵنراوە پێک هێناوە و چەند نیشانەیەکی نوێی وەخۆ کردوووە.

ئەو نیشانە نوێیانە بەمەبەستی باشترکردنی دەرفەتی جموجووڵی دەزگای رێنووسی کوردی زیاد کراون. ئەو هەوڵدانە وەک بەشێک لە تێکۆشانی بەربڵاوی کال بۆ بووژاندنەوە و پێشخستنی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لەنێو وەچی نوێ دایە.

ئەو سیستمەی لەلایەن ئاکادێمی زمانی کوردییەوە داهێندراوە و پێشکێش کراوە هەم هاسانە، هەم لە گەڵ

پەروەدەی هاوچەرخ دەگونجێ و هەم کارایی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی پێوەندی بەڕێگەی ئینترنێت یان هەر میدیایەکی دیکەی ئێلێکترۆنیدا دا زیاتر دەکا.

# هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفبای کوردی

ئەم ڕێنووسە کوردییەی، کە ئێستا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردیی پێ دەنووسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هەزری کوردی چەند سەدەیەکی پێ نووسراوەتەوە، گەلێک بەرچاو و ئیبراز کراوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زایینەوە، هاتبێتە کوردستان، ئەوا ئەودەمە نووسین بە زمانی کوردی نەبووە و هەرچیش نووسرابێت، هەر بە عەرەبی یا فارسی نووسراوە، چونکە ئەوانە زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان بوون.

کورد ئەو دەمیش وەک ئێستا بۆ خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، بەڵام ئیدی لە دەسپێکی بە کوردی نووسینەوە، کە نێزیکەی شەش حەفت سەدەیەکە، کورد توانیویەتی ئەلفبێ عەرەبی- فارسییەکە بەرەبەرە هەموار بکات و لەگەڵ تایبەتمەندیەتی زمانی کوردیدا بیگونجێنێت.

ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیـشانە و هێمایـەکـە بـۆ ئـەو فـۆنێم و دەنگانـەی، کە لە زماندا دێنە دەراندن. ئەو نیشانە و هێمایانەش، کە نـاوی ئـەلفبێیـان لـێ دەنـرێن، مـرۆڤ بۆ خۆی دروستیان دەکات و دایاندەنێت و لە سەریان پێکدێت و ڕێکـدەکـەوێـت (شاکەلی ٢٠١٣).

ئـەگـەر زمـان تایبەت بێت بە گەلێک یا کۆمەڵە مرۆڤێک، کە پێی دەپـەیڤـن و لـەیـەکتـر تێـدەگـەن و مـۆرک و موڵک و ناسنامەیەکی نەتەوەیی ەەبێت، ئەوا ئەلفبێ ئەو تایبەتمەندییەی نییە. هەموو ئـەلفبێیـەک، بە هەندێک دەسکاری و گونجاندن، لەگەڵ هەر زمانێکدا، دەتوانێت دەربـارەی ئـەو زمانـە و ەـەمـوو جۆرە زمانێک بێت و ەەموو جۆرە دەنگێک بـدەرێنێـت و مـرۆڤیش ەـەر کاتێـک ویـستی و بـە پێویستی زانی، دەتوانێت بۆ ەەر دەنگێک، ەێمایەک چێ بکات. ئەو ڕێنووسـەی ئـەوڕۆ کـورد بـەکـاری دەبـات، بـۆ خۆی خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەەێز و کاریگەرە.

هەرچی فرەوانەبوون و پێشنەکەوتنی ڕێنووس و زمانی کوردییە لە نێو کورددا و نەبوونی ئەم ڕێنووس و زمانە، بە

زمانی هەموو کورد، ئەوە گەلێک هۆی هەن: ژێردەستەیی کورد وەک نەتەوەیەک، پارچەپارچەیی و دابەشبوونی خاکەکەی و خۆی، بە سەر چوار پێنج دەوڵەتدا، نەبوونی دەسگا و سیستمێکی خوێندن و بارەێنانی سەرتاسەری، نەبوونی دەسگای میدیای سەرتاسەری و زۆریی شێوەزار و بنزاری کورد لە یەکدی، کاڵفامی و سستی دەستی نەتەوەیی و چێکردنی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی و... هەموو ئەمانە کارێکی وایان کردووەتە سەر ئەوەی، کە زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست و بە گوێرەی سەردەم، پێشکەوتن و فرەوانبوون بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرباری ئەو هەلومەرجەی زمانی کوردی تێدا بووە، گرفت و ئاستەنگی هێندە گەورەی نەهاتووەتە پێش و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و گەلێک چووەتە پێش و ئێستا تاڕادەیەک هەموو شتێکی پێ دەنووسرێت و هەموو بوارێکدا بەکار دەبرێت. (شاکەلی ٢٠١٣).

ئەوانەی بانگاشەی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی دەکەن، باس لە هەندێک گیروگرفت و کێشەی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) دەکەن و بۆ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیێگێڕن لە پاساو

زیاتر ەیچی دیکە نین. ئەوان دەڵێن، بۆ ئەوەی بیانی فێری کوردی ببێت، تیپی لاتینی دەرمانە و چارەسەر و کارەکە فرە هاسان دەکاتەوە. من هەرگیز ئەو قسەیە بە ڕاست نازانم و بڕوام پێی نییە (شاکەلی ٢٠١٣). چونکە ئەگەر بیانییەک یەوێت زمانێک فێر بێت، ئەوا زۆر بە ەاسانی فێری دەبێت، سا ئیدی تیپەکەی ەەرچی بێ هەەزاران بیانی، بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی، هەن، کە عەرەبی، فارسی، عیبری، چینی، ڕووسی، سۆمالی، ئەمهاری، کۆریایی، ئوردوو، ئاشووری، ئەرمەنی، سانسکریت و... دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینیش نانووسرێن، زۆرچاک دەزانن و بە هاسانییش فێری بوون.

مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆ سێس و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرەەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. کورد، کە نە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەەێز و کاریگەرە و نە گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان ەەیە و نە گەنجینەیەکی فەرەەنگیی دەوڵەمەند و نە چ داەێنانێکی فەرەەنگیشی خستووەتە سەر فەرەەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی و نە

زمانەکەی زمانی وڵاتێکی سەبەخۆ و ڕووگەی گەشتیارانیشە، بۆیە بیانییان ەێندە وەتەنگ فێربوونی زمانەکەیەوە نین.

کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە. ئەگەر تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و بنۆڕینە ەاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس، کە کوردی عیراق و ئێران، بە تیپێک دەنووسن، ەەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێک دەستکارییەوە، ئەوان تا چ ڕادەیەک فێری کوردی بوون! مامۆستایەکی ئێرانناسی(ئێرانیستیک)"Studies Iranian"، "بە ناوی "کاریناجەهانیJahani Carina"، لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوێد، کە ئێستا پرۆفێسسۆرە، دەیگوت:"کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەر کردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگار کردووە و دوورخستووەتەوە و ئەگەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ فارسییشدا بەراورد بکرێت، ئەوا کوردییەکە زێتر پێشکەوتووە". (شاکەلی، ٢٠٠٥).

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خواست و باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) بۆ لاتینی لە

لای کورد بدەینەوە دەبینین، ئــەو داخــوازی و هەوڵانــە، پتــر لــە خــەڵکــانی ناکورد و بیانییەوە بوونە و ئەوان ویستوویانە ئەلفبێی کوردی بگۆڕن، دیارە بە کاریگەری ئــەو هەوڵانەی بیانییان و شانبەشانی ئەوانە، لە نێو کوردیشدا، وەها داخوازی و تەقەلایەک هاتووەتــە ئاراوە.
٣.١ هەوڵە دەرەکییەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی: لە ساڵی ١٩٠٥ دا "مۆرگان"، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی، کردووە. لە سەردەمی یــەکــەم جــەنگــی جیهــانی و لــە ســاڵی ١٩١٣دا، لــە لایــەن "مێجــەر ســۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاو نەبووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠دا، زانای ئەرمەنی"ئیسحاق مۆرگۆڵۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئــەلفبێیــەکــی لاتینییان داناوە و لــە نێــو کــوردەکــانی ســۆڤێیتدا، تــا ســاڵی ١٩٣٨ بــەکــار بــراوە. بــۆ نموونــە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کــوردی دەردەچێــت، لــە ژمــارەی یــەکــەمییــەوە، لــە ســاڵی١٩٣٠- ١٩٣٨ ،بــە لاتینــی دەرچــووە. لــە ســـاڵی ١٩٣٨-١٩٥٥"،ڕێیاتــەزە"، دەرنــەچــووە و لــە ١٩٥٥ یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیک دەردەچێت. لە ساڵی ١٩٣١دا" ئێدمۆنز"یش، ەەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە. "پییێر ڕۆندۆ"، ئەفسەری فرانسی لە شام، پێش ئەلفبێ

لاتینییەکەی "جەلادەت بـەدرخـان"، یەکەم ئەلفبێی کوردی بە تیپی لاتینی بڵاوکردووەتەوە. "تۆما بوا"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

ساڵی ١٩٣٣"مینۆرسکی"یش هەوڵی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی داوە. تەواوی ئەوانە بێجگە لە "عەرەبی شەمۆ"، هەموو کەسانێکی ناکورد بوونە. ٣.٢ هەوڵە نێوخۆییەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی: لـــە ســـاڵی ١٩٣١دا و دوای گـــۆڕینی ئـــەلفبێـــی تـــورکی لـــە لایـــەن "مـــستەفـــا کـــەمـــال ئەتاتورک"ەوە، دەستەی "خۆیبوون" لە دیمەشق، بەکارهێنانی ئەلفبێـی لاتینیـان لـەبـری ئەلفبێی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دا. "جەلادەت بـەدرخـان"، ئـەلفبـێ لاتینییـەکـەی خـۆی، لـە سـاڵی ١٩٣٢دا، بـڵاو کـردەوە گۆڤاری"هاوار"ی لە ژمارەی ٢٤هەمیەوە ئیدی بە تیپی لاتینی دەرکرد. "عـەبـدوڵڵ جـەودەت"، لـە گۆڤـاری"ڕۆژی کـورد"دا، داوای گـۆڕینی ئـەلفبێـی کـوردی بـۆ لاتینی کردووە و "عەبدوڕەززاق بەدرخان" داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ ڕووسی کردووە. سـاڵی ١٩٢٥"موحـەممـەد ئـەمـین زەکـی" و "میـرزا موحـەممـەد باشـقە"، کتێبچـەیـەک بـە لاتینی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی ئامادە دەکەن. ساڵی ١٩٣٣"،تەوفیق وەهبی"، کتێبی "خوێنـدەواری بـاو"ی

بڵاوکـردەوە، کـە پتـر تیپـی ئینگلیزی بەکار بردبوو. سـاڵی ١٩٥٦ "جـەمـال نـەبـەز"، کتێبـی "نووسـینی کـوردی بـە لاتینـی" دەرکـردووە و دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێیەکەی بەدرخان زیاد کردووە و پاشانیش دەنگی "وێ"ی خـستووەتـە سـەر و بـەو گۆڕانانـە تـا ڕادەیـەک ئـەلفبێیـەکـەی بـەدرخـانی کـاراتر کـردووە. لـێ ئەوانەی، تیپی لاتینی بەکار دەبەن بۆ نووسینی کوردی، ئەو گۆڕانکارییەی "جەمال نەبـەز"یـان لەبەرچاو نەگرتووە.

سـاڵی ١٩٧٢،"گیـوی موکریـانی" کتێبـی "ئـەلـف و بێـی کـوردی وێنـەدار بـە تیپـی لاتینی"ی دانا. "سادیق بەهائوددین ئامێدی"یش یەکێک بوو لەو دەنگانەی داخوازی لاتینییاندنی ئەلفبێـی کوردی دەکرد. "عـەزیـز ئـاکرەیـی"یـش لـەگـەڵ گـۆڕینی ئـەلفبێـی کوردیـدا بـوو بـۆ لاتینـی و لـەو بـوارەدا نووسیویەتی.

ئەگەر تەماشایەکی ئەو بیانییانە بکەین، کە ئەو خواستەیان خستووەتە بـەربـاس و کۆشـشیان بۆ وەها کارێک کردووە، دەبینین زۆرینەیان دوو جۆرە مرۆڤ بوون، بەشێکیان خەڵکی سـەر بـە کڵێـسە و ئـایینی مـەسـیحی بـوون و بـەشەکـەی دیکـەیـشیان ئـەفـسەر و دەسـتوپێوەنـدی لـەشـکر و وڵاتـانی کۆڵۆنیالیـستی بریتانیـا و فرانـسە بـوون. مـن هـۆ و

مەبەستی بنەڕەتیی ئەو باس و داخوازییەی بیانییان دەگەیەمەوە بۆ: دابەزینی کورد و نامۆکردنی لەو شوێنگە جیۆگرافیایەی تێیدایە، نەک بەوەی کورد بکەنە قەوارەیەکی سیاسی و خاوەنی خۆی، بەڵکە تەنێ بۆ ئاژاوەنانەوە و دوورخستنەوە و جویێکردنەوەیان لە گەلانی دەوروبەریان و چێکردنی کێشە لە نێوان کورد و ئەو گەلانەدا. هۆیەکی ئایینی- فەرهەنگی: کە مەبەستی مەسیحییاندنی گەلی کورد بووە و بەوەش دابەزینی بووە لە ژینگە ئیسلامییەکەی و لە فەرەەنگی عەرەبی - فارسی- ئیسلامی.

هەرچی کورد خۆیشی بووە، کە ەەوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کەوتووەتە سەر، دیارە ئەوەدەمە، بە چاولێکەری کردەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بووە، کە ئەوەدەمی(و تەنانەت ئێستاش) بەشێکی زۆری کورد، بە چاوی ڕێز و گۆڕان و شۆڕشەوە، لە تورکیای کەمالیستیان نۆڕیوە و کۆێڵک بە ئەتاتورک و تورکیای نوێ و سیکولاریزمە گۆجەکەیانەوە سەرسام بوون.

ساڵای دوای جیاوبوونەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"یش، بیانووی زۆر ەێنراونەوە بۆ ئەو گۆڕینە، کە زۆریان دەخرێنە چوارچێوەی، ناتەواوی و کێماسی و ناڕێکوپێکی

و...ئەلفبێی کوردییەوە. داخوازیی ئەم کـوردەی ئێـستا بـۆ گـۆڕینی ئـەلفبێـی کـوردی، دەکـرێ بخرێتـە چوارچێـوەی سەرسووڕمان و واقوڕمان بـە ڕۆژاوا و ڕۆژاواپـەرسـتییەوە و بـەشـێکە لـەو دەردەجیهانگـەرییـەی، کە ەەموو جیهانی گرتووەتەوە. ئەگەر ئەو باس و داخوازییە کاریگەرییـەکـی جیهانگـەری بێـت لە سەر کوردی بچووک و بێهێز، ئەی وەها کاریگەرییەک بۆ نەکەوتـووە و ناکـەوێتـە سـەر، نەک زمانانی عەرەبی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی و...چونکـە ئـەوانـە زمانگـەلێکـی گـەورەن، بـەڵکـە زمانـانی ئـەمـازیغی، تیگرینـی، ئـەمهـاری، کلـدانی، ئاشـووری، سـریانی، ئـەرمـەنـی، ئـازەری (لـە ئێران)، جۆرجی و...؟ خۆ ئەوانەیش زمانگەلێکی بچووکن و ەیچ لە زمانی کـوردییش بـەەێزتـر نین! ەیچ یەکێک لە خاوەنی ئەو زمانانە ئامادە نین، ئەلفبێی زمانەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، چونکە دەزانن، ئەوە لە ماڵشێواندنی خۆیان زیـاتر، شـتێکی دیکـەی لـێ شـێن نابێـت.

# زمانی کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتەکانی عێراقدا

پێشتر هەندێ لە هەوڵەکانی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی خرانەڕوو، لەم بەشەشدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر دەرکەوتنی زمانی کوردی لە حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا، بەریتانیەکان لە شەڕی جەنگی جیهانی یەکەم وردە وردە عێراقی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩ ئێراق بوو بە ژێر دەستەی بریتانیا. وە قەرارەکەش جێبەجێ کرا لە ساڵی١٩٢٠. بریتانیەکان قەراریان دا کە ئێراق بکەن بەمەلیکیەت وە مەلیک فەیسەڵیان دانا. مەلیک فەیسەڵ کە هاوپەیمان بووە لەگەڵ بریتانیەکان دژی تورکەکان. ناوچەی موسڵ بوو بە پرسیارێکی ئاڵۆز لە نێوان ئێراق و تورکیادا، بەڵام (نەتەوەیەکگرتووەکان) کردیان بە خاکی ئێراق لە ساڵی ١٩٢٥. لە جیاتی ئەوە بریتانیا داوای لە ئێراق کرد لە قەرارێک کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا ئیمزاکرا بوو کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بریتانیا لەوێ بمێنێتەوە بەڵام دەیان ویست زیاد بکرێت بۆ ٢٥ ساڵ وە پارێزگاری لە کوردەکان بکەن لە ئێراق.

سەربەخۆ بوونی مەلیکایەتی لە ئێراق لە ساڵی ١٩٣٢ دانی بەرەسمی پێدانرا، لە ساڵی ١٩٣٣ مەلیک فەیسەڵی یەک مردو کوڕەکەی غازی هاتە جێگای ئەو. غازی کێشەیەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ کوتلە ئاینیەکان و کەمەنەتەوەیەکان. غازی لە کارەساتێکی سەیارە دا لە ساڵی ١٩٣٩ گیانی لە دەست دا. کە فەیسەڵی دوو منداڵبوو بۆیە ئامۆزایەکی خۆی، ئەمیر ئەبدوڵڵا دانا بە مەلیک نوری سەئید کە هاورێیەکی مەلیک فەیسەڵ بوو دەسەڵاتی وەزیرایەتی تەواوی لە دەست دا بوو لە سەردەمی مەلیکایەتیدا ئێراق یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی نەتەوەیەگرتووەکانی عەرەب لە ساڵی١٩٤٥ وە هەمان ساڵ بوو بە ئەندام لە وڵاتە یەگرتووەکان.

تەواوی بەیاننامەکانی حکومەتی عێراقی بە زمانی عەرەبی دەنوسران و لە تەواوی فەرمانگەکانی میریشدا زمانی عەرەبی دەوری دەگێڕا، بەڵام هەوڵە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانیش بەردەوام بوون بە ئاڕاستەی کارپێکردنی زمانی کوردی، شاکیر فەتاح ساڵی ١٩٤٠ ەوە لە شارۆچکەی خورماڵەوە رۆژنامەی خورماڵی بە زمانی کوردی دەرکرد و ژمارەیەکی زۆر دەستەواژەی جیاوازەی ناوچەی شارەزووری زیندوو کردەوە.

ئەو هێزانەی کە دژی ڕژێم بوون زۆر بەخێرایی لە زیاد بوون دا بوون، بەهۆی ناڕەزای دژی ڕژێم وە بەڕازی نەبونی هاوبەشیکردنی ڕژێم لە پەیمان نامەی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥. هەروەها لە بەر ئەوەی ڕژێمی نوری کەوتبۆ پارە خواردن و بەرتیل خواردن وە خەڵکی سیاسی دژ بە ئەو ئازارو ئەشکەنجە دەدران. لە ساڵی١٩٥٨کودەتایەک دژی مەلیکایەتی فەیسەڵی دوو نوری سەحید بەرپا بوو کە ناوی بە شۆڕشی ١٤ی ئەیلول دانرا. لە کودە تایەکەدا مەلیک فەیسەڵی دوو، وە ئەمیر ئەبدوڵلا کوژران وە نوری سەئید لە ڕێگای هەڵاتن دا کوژرا. لە ساڵی ١٩٥٨ سەردەمی مەلیکایەتی ڕوخاو دەوڵەتی ئێراق دروست بوو و ئەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم. قاسم بانگەوازی بیروڕای ئازادی دەکردو پەیماننامەی بەغدای لە ساڵی ١٩٥٩ هەڵوەشاندەوە. قاسم، بارزانی بانگ هێشت کردەوە بۆ خاکی ئێراق لە وولاتی دەربەدەری یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە. قاسم لە سەرەتادا هاریکاری دەکرا لە لایەن عەرەبەکان و شوئیەکان هەروەها سەرۆک هۆزەکانی کورد وەک بارزانی لە حکومڕانی خۆیدا. بەڵام ئەو هاریکاریە زۆر تەمەنی کورت بوو. گرژی لە نێوان قاسم ومستەفا بارزانی دا دروست بوو لە سەر بەڕێوە بردنی ئۆتۆنۆمی کوردستان. هەروەها لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بارو دۆخی ئاڵۆز بوو تاوای لێهات قاسم لەکودەتایەکی سەربازی لە ساڵی ١٩٦٣ دا

کوژرا. حکومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتی ئەبدولسەلام ئارف هاتە سەر حوکم. ئەبدولسەلام ئارف لەکارەساتێکی کۆپتەردا لەساڵی ١٩٦٦ دا کوژرا. جەنەڕاڵ ئەبدولرەحمان ئارف کە برای ئەبدولسەلام بوو هاتە جێگای ئەو. لە ساڵی ١٩٦٨ ئەبدولرحمان لە کودەتایەک دا لە سەر حوکم لابردرا. حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست و جەنەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆک کۆماری ئێراق. دروشمی حزبی بەعس ئەوە بوو«یەکێتی حزبی سۆسیالیستی عەرەبی بوو، لە دویشدا نیشتیمانی عەرەبی قسەی سەر زاریان بوو. دان پێدانان بەڕەسمی بەمافەرەواکانی کورد و ناوچە کوردیەکان، ئەوە بوو بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧١لێ کەوتەوە، بەڵام ڕژێمی بەعس لە پەیمانەکانی خۆی پاش گەز بۆوە پەیمانی جەزائیریان لە ساڵی ١٩٧٤ مۆر کرد لەگەڵ ئێران. لە پاش مردنی (کوشتنی) ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩٧٩سەددام حوسێن هاتە سەر حوکم، کە دەمێک بوو دەسەڵاتی سەرەکی لە دەست دابوو.

پاش ئەم پێکەوەبەستنە مێژوویە، گرنگە سەرنج بدەین زمانی کوردی چ پێگەیەکی لە عێراق و گۆڕانکارییەکاندا بۆ ماوەتەوە، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو گەمەکەری سەرەکی لە بواری کۆمەڵایەتی هەن. لە لایەک دەوڵەتە

بەفەرمیناسراوەکانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و، لە لایەکی دیکەیش، ئەو نەتەوانەن کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا وەک هاووڵاتی پێناسە کراون. گەلی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، ئێستا وەک گەمەکەرێکی چالاک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەیە.

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مێژوویی گرنگ کە لە دەیەی نەوەدەکانەوە لەم ناوچەیە ڕوویان داوە؛ جگە لەو قەوارە سیاسی – ئابوورییەی لە وڵاتی عێراق و ناوچەکە دروستیشیان کردووە، گۆڕانکاریی کەلتووری و زمانیی بەرچاویشییان لێ کەوتووەتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە، هەم لە ئاستی پێگەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و هەم لە ئاستی پەیکەرەی ئەو دوو زمانەدا ڕوویان داوە. هەروەها، ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەی نافەرمی، یان ناڕاستەوخۆ لەسەر مانەوە و بووژانەوەی زمانی کوردی لە وڵاتانی ئێران و تورکیایش کاریگەرییان هەبووە. گەشەسەندنی زمانی نەتەوەیی، دەتوانێ بەدیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش بەهێزتر بکات و نەتەوەی کورد لە کۆمەڵە خەڵکی"سروشتی"یەوە بۆ نەتەوەی "کەلتووری"، یان نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت و

زمانی تایبەت بەرجەستە بکات کە دانپێدانراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بێت.

دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی، زانستی و لەشکریی قسەکەرانی زمانەکان ڕۆڵێکی دیاریکەر لە پاراستن و بەهێزکردن، یان لاوازکردن و لەناوبردنی زمانەکان دەبینن. لەم ڕوانگەیەوە، باڵادەستیی نەتەوەکانی عەرەب، تورک و فارس لە سەدەکانی ڕابردوودا، لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکان، بە واتای زاڵبوونی گێڕانەوی زاڵی ئەو دەوڵەت-نەتەوانەیش بوو کە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی زمان و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوە فرمانڕەواکانی دەکرد. زمانی ئەو دەوڵەت-نەتەوانە هەڵگری ئایدیۆلۆژییەک بوو و هەیە، کە ئامانجە سەرەکییەکەی بەهادان بە دەوڵەت-نەتەوەکە و دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوە و نەتەوە دژبەر و ناسنامەخوازەکانی وەک کورد بوو. پێشبڕکێی نایەکسانی نێوان زمانی دایک، یان خێزان و زمانی خوێندنگەکان، دەوڵەت، میدیا، شەقام، کار و زمانی پێویست بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایەی پیشەیی، ئەم مانەوە، یان لەناوچوونانە بەهێز دەکات.

تا بەر لە دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردوو، نواندنی زاڵ، نواندنی نەتەوە – دەوڵەتی زاڵ بەسەر عێراقدا بوو. بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و دەستوەردانی

نێودەوڵەتی و ڕاپەڕینی گەلی کورد وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەییی بەهێز، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکان ناچار بوون قبووڵی بکەن کە یەکەی سیاسیی نوێ لەناو دەوڵەتی عێراقدا پێک بێت. بەم پێیە، لەسەر بەشێک لە ڕووبەرە سروشتییەکە و پانتا ئیتنییەکە (بەستێنی زمانی کوردی و کەلتووری نەتەوەیی) یەکەیەکی سیاسی دامەزرا.

ئێستا لە ڕووی پێگەوە، زمانی کوردی، لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بووەتە زمانی فەرمی و، زمانی عەرەبیش پێگەی تاکزمانیی دەوڵەت – نەتەوەی لاواز بووە و بەکردەوە لە کارلێککردن و پێکدادانە زمانییەکاندا بەرەو وڵاتی "دووزمان" یان "فرەزمان" چووە. هەرچەند هەر لە حەفتاکانەوە زمانی کوردی لە عێراق، پێگەیەکی لانی کەم بۆ خوێندن پێ دراوە، بەڵام لە بەفەرمیناسین (دانپێدانان)ی وەک یەک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی عێراق، ڕۆڵی نەبووە. جگە لەوەیش لەبەر ڕەچاوکردنی مافی زمانیی کەمینە زمانی و نەتەوەییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و چالاکبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکمان و سریانییەکان، فرەزمانیی لە عێراقدا بووە ئەمری واقع. لەم پانتایەدا لەگەڵ جۆری جیاوازی کەسایەتیی ئیتنی – زمانیدا

بەرەوڕووین و، دەکرێ بڵێین کە قەوارەکەی لە پێکهاتنێکی نوێی نیشتمانیدا و خەریکی ناسنامەسازییە.

بەم پێیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زمان لە پێکهاتنی دەوڵەت و نەتەوەسازیی لە کوردستان و یەکلاکردنەوەی سنووری پێکهاتە نەتەوەیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە. ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تری نەتەوەی کورد و پیادەکردنی ئیدارە خۆجێیییەکانی کورد لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە داهاتوودا، چونکە "ئەمڕۆکە بۆ تێگەیشتن لەم جیهانەی وا تێیدا دەژین، لە جیاتی جووڵان لە گەمەی دەوڵەتەکاندا (و بووکەڵەی ڕاگەیەندراو یان شاراوەی ئەوان)، دەبێ بچین بە دوای ئەو واقعییەتە ئیتنیکییە تایبەتییانەی لە هەناوی هەر یەک لەم دەوڵەتانەدا مت بووە و بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەرفەتانەی بۆ نەتەوەکان هەن هەڵسەنگێنین، دەبێ بەو ڕۆڵەی ئێستا هەیانە خەریک بین کە زمان وەک گرینگترین سیمای ئەو ئیتنیکانە دەیگێڕێ. سەرهەڵدان و چالاکبوونی زمانەکان بە واتای سەرهەڵدانی نەتەوەکانە، کە بە نۆبەی خۆیان بە بناغەی دەوڵەتەکان داندراون". هەر لەم پێوەندییەدا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کە باوەڕی بە توانا سەرچاوەیییەکانی لە ڕووی سروشتی، ئیتنی، زمانی، کەلتووری و سیاسیی خۆی

هەبێت، لە کارلێککردنە ناوخۆییەکانیدا ژیرانە مامەڵە بکات و پلانی بۆ بووژاندنەوەی سیما نەتەوەییەکانی هەبێت، لە پەنا لەرزۆکبوونی دەوڵەتە نەیارەکانی وەک ئێراندا، دەتوانێ مسۆگەر بێت. هەڵەشەیی حاکمانی ئەو وڵاتە لە دەستوەردانیان لە دەرەوەی خۆیان، سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکییەی لەنێو خۆیان و لەگەڵ دەرەوەی خۆیان هەیانە، دەتوانێ دەستەخوشکی باشوور و ڕۆژاوا زیاتر و جوگرافیای ڕزگاربوونی پارچەکانی کوردستان بەرفراوان بکات.

سەبارەت بەو فەزا جوگرافی، سیاسی و ئیتنی، زمانی و کەلتوورییەی لە باشووری کوردستان پێک هاتووە، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی بەفەرمیناسراو و ئاگا بە بوونی خۆی، بەر لەوەی لە تێڕوانینی ئەوانی دیکەوە بناسرێ، پێویستە لە تێڕوانینی خۆی و ئاگا بە بوونی خۆیەوە بناسرێ و، لە نەبوونەوە بێتە هەبوون. حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە لە جیاتی سیاسەتی پەراوێزخستنی زمانی دایک، کە لەسەر بێپلانی و نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی زمانی لە پەروەردە و خوێندن بە کوردی، هاتووەتە ئاراوە، پێویستە وەک پێکهێنێکی سەرەکیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ناسنامەی

**نەتەوەیی لێی بڕوانێ و، بە شێوەیەکی پلانمەند کار بۆ گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی بکات.**

# زمانی کوردی لە دەستووری عێراقدا

فەرمیبوونی زمانی کوردی لە عێراقدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨، کە لە مادەی ٣ی دەستووری حێراقیدا هاتووە: عەرەب و کورد هابەشن لە نیشتیماندا" ئەمەش سەرەتای ناساندنی زمانی کوردی بوو لە عێراقدا، کە بوویە هۆی کرانەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و لە ئێزگەکاندا زمانی کوردی بەشی پێدرا و لە قوتابخانەکانی باکوری حێراقیشدا رێگەدرا منداڵان بە زمانی کوردی بخوێنن، لە ناوچە کوردییەکانیژشدا دەرفەت کرایەوە بۆ زمانی کوردی بوویە زمانی نوسین و خوێندنەوە، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی هاشم ئەمین ٢٠١٧ زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا کاری پێدەکرێت و یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی دونیا کۆدی ژمارە ١٤٣ی لە ناو ٣٤٢ زمانە زیندووەکاانی جیهاندا هەیە لە لایەن دەزگای خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی پەروەردەی جیهانییەوە.

بە پێی مادەی ٤ی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بەم شێوەیە باسی زمان کراوە:

یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم: سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

ڕ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب-قسەکردن و وتووێژو دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بەهەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمیەکان.

ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامەو دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.

ە-هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول.

سێیەم: دامو دەزگا فیدرالی فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سیریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

# زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا

پلاندانان بۆ زمان و ڕێکخستنی زمان لە یاسای زمانە فەرمییەکان و، بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە هەموو ئاست و بوارەکانداو چاودێریکردنی ڕێکوپێك و هەمیشەیی پلانەکە لەهەر کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و خەمساردی و بێباکییەك، هەروەها لابردنی هۆکارەکانی یەکسەر و دەستبەجێ و گەرماوگەرم کە خەمخۆرانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو لایەنەی بەم ئەرکە لە ئاسایشی نەتەوەیی ستراتیژە ڕادەبێ ئەکادیمیای زمانە نەك لە وڵاتان، بەڵکو لە هەرێمەکانیش هەیە.

یونسکۆو بایەخدان بە زمان و شێوە زارەکان

سیاسەتی زمان و یاسای زمان هاوتای یەکترن، چونکە زمان، هەر زمانێك دەبێ ببێتە بەشێك لە هزرو بیری هەر تاکێکی نەتەوەکە، چونکە زمان ئاسایشی نەتەوەییەو بەبێ هەستی نەتەوەیی، ئەنجام نادرێت. لە سەرتاسەری دونیا ٤٧٠ یاسای زمان هەیە کە ٣٤٥یان لە هەرێمەکانی وڵاتاندایە، لەبەرئەوەش کە یونسکۆ زمان بە کەلەپووری مرۆڤایەتی دادەنێ، بۆیە بە هەموو شێوەو شێوازێك بایەخ و

گرنگی و بەها بەم لایەنە دەدات، هەر بە نموونە زمانی چەرکەز مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرا، بۆیە لە ئۆردن ئەم ڕێکخراوە بە پلاندانان هەوڵی بووژاندنەوەی دا تاکو بەرەو لەناوچوون نەچێ، هەروەها لە ویلایەتی ئۆرۆناشال برادیش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان زمانێك دۆزرایەوە (زمانی کۆرو) کە تەنها (٨٠٠) کەس قسەی پێدەکات، پرۆژەیەك دانراوە تاکو پارێزگاری لەم زمانە بکرێ و پرۆژەی (دەنگە نەمرەکان) بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفی دەنگ و قاموسی زمانەکە لەسەر ئەنتەرنێت دانرا، تاکو سەرنجی هەموو دونیا ڕابکێشرێ بۆ ئەوەی بەردەوام بەکاربهێنرێ و لەناو نەچێ، چونکە زمان گیان لەبەرێکە گەر پلاندانانی بۆ نەکرێ و بە یاسای زمان ڕێکنەخرێ و ساڵانە بژار نەکرێ و وشەی نوێی بۆ دانەڕێژرێ ئەوا لەجیاتی بووژاندنەوە، زمانەکە تووشی کزی و سستی و لاوازی دەبێ و دواتر بەرەو هەڵدێر و پووکانەوە دەچێ، چونکە دوو هەفتە جارێك زمانێك لە سەرتاپای دونیا نامێنێ و ساڵانەش ٥٢ زمان لەناو دەچێ و، لەبەر جیهانگیریی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و ئەوانی دیکە وا مەزندە دەکرێ کە لەو شەش هەزار زمانەی سەر گۆی زەوی هەر تەنیا ( ٢٠٠ تاکو ٥٠٠ ) زمان دەتوانێ خۆی لەبەردەم گۆڕانکارییە خێراو بەلەزەکانی هەموو لایەنەکانی ژیان ڕابگر ێ، بۆیە هەرچەند زمان لەبواری خوێندن و نووسین و لە کەناڵەکانی

**بینراو و بیستراو و خوێنراو بەکاربهێنرێ ئەوا پتر دەبووژێتەوە، بەمەرجێ تاکی ئەو نەتەوەیە زمانەکەی بە خوێندن و نووسین لەهەر کوێیەکی دونیابێ بەئەرکی هەبوونی خۆی بزانێ، نەك فێرببێ، بەڵکو مناڵەکانیشی وا ڕابێنێ کە پێویستە زمانەکە فێر ببن.**

# حکومەتی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی

گەر بڵێی لە هەرێمی کوردستان یاساو بڕیارەکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچن، دەربچێ و ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە زمانی کوردین لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان ( ٥٧٤٠ ) خوێندنگاو قوتابخانەیە و سەدان بەرهەمی چاپەمەنی لە چاپخانەکانی حکومەت و ئەهلی بەزمانی کوردی چاپ کراون و لە دەسەڵاتی دادوەریش زمانی کوردی بەکاردەهێنرێ و سەدان کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێنراو هەن کە مرۆڤ پێدا ڕاناگات هەموویان خوێنێتەوە و گوێبیستیان بێ و سەیریان بکات، ئەمانە هەموو هەنگاوی با ش و خاسن، بەڵام ئایا سیاسەتی زمانیان بۆ دانراوە؟ نەك هەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو لە کارنامەی کابینەی حکومەت و لایەنە سیاسییەکانیشدا تا چ ڕادەیەك ئەو تابلۆ و نووسینانەی لەسەر دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت دەنووسرێن ڕەچاوی زمانی کوردییان تێدا کراوە؟ کە بە کوردییەکی پاراو بنووسرێن؟ ئایا ئەکادیمیای کوردی کە پێشتر کۆڕی زانیاری کوردستان بوو بە ئەرکی پێویستی سەرشانی ڕابووە؟ (جامباز، ٢٠٠٩)

ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئەکادیمیای زمانی کوردی هەیە و دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتان و هەرێمەکانی (فرەزمان) وەربگرین کە سیاسەتی زمان لە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەییانە، بۆیە لە کارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و کابینەکانی حکومەت و لایەنەکان جەختی لەسەر دەکەن، نەك بە چەند وشەیەکی بێ سیاسەتی زمان، بەڵکو زمان بووەتە خەمێکی وڵاتپارێزانە و تا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی بواری فێربوونی زمانیان نەداوە یان لە وڵاتەکەیاندا فێربوونی زمان قەدەغەیە، ئەوا لە ماڵەوە نەك خۆی فێر دەکات، بەڵکو مناڵەکانیشی هان دەدا کە فێری ببن و، بەناوی نەتەوەیی خۆیان ناویان دەنێن.

زمان لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییە، دەبا بزانین لەبارەی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەم بارەوە چ کراوە و چ بکرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی زمانمان هەبێ؟ لە بەرەی کوردستانی، واتا لە (دیفاکتۆوە) بۆ پەرلەمانی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی- عێراق ساڵی ١٩٨٨ لە هەشت لایەنی گۆڕەپانی کوردستان پێکهاتبوو، لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە حوزەیرانی ١٩٨٨دا، بڕیاری بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی عێراق، گەرچی لە شێوەی نامیلکەیەك بە زمانی کوردی لە ٣٧

لاپەڕەی قەوارە مامناوەندیدا دەرچووە، و لەبەردەستدایە، بەڵام ناوی زمانەکان ناهێنێ و پلان و نەخشە چییە لەم بوارەدا؟ باسی لێوە ناکرێ.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەرەی کوردستانی بوو بە دەسەڵاتی دیفاکتۆ، هەر ئەویش لیژنەیەکی پێکهێنا بەناوی لیژنەی پڕۆژەی یاسایی و هەر ئەو لیژنەیە دوو یاسای نووسینەوەو لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش بڕیاریان لەسەردرا:

١/ یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە ١/ ١٩٩٢ لە ٦١ ماددە پێکهاتووە.

٢/ یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە ٢/١٩٩٢ لە ١٥ ماددە پێکهاتووە.

هەردوو یاساکە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاوکراونەتەوە و لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیان کاریان پێکرا و لە هەردوو یاساکەدا باسی زمان نەکراوە، گەرچی هەردوو یاسایەکە بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکراونەتەوە. دەبوایە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و لە هەردوو یاساکەشدا ماددەی تایبەت بۆ زمان تەرخان بکرایە.

دەبا ئەم خاڵە بەوردی بخوێنینەوە: سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لە راپۆرتی کۆتاییان کە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییان کردووە لە ساڵی (١٩٩١ – ١٩٩٢) لە خاڵی (١) لەبارەی زمان نووسیویانە: "وامان بە پەسەند زانی یاساکە لە سەرەتاوە بە زمانی عەرەبی دابڕێژرێت، دوای ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییەوە پەسەند ئەکرێ و بڕیاری لەسەر ئەدرێ و لەلایەن پسپۆڕانی یاساو زمانەوە وەرگێڕرێتە سەر زمانی کوردی، هەروەها وەرگێڕانی یاساکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی کارێکی پیرۆزە". (جامباز، ٢٠٠٩)

لێرەدا دوای سێ دەیە دەپرسین بۆچ ئەوسا سەرکرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی- عێراق یاسایەکی پێویستی هەمیشەیی دیرۆکی دەرنەچواند؟ ئەویش یاسای زمانە و لە مادده و بڕگەکانیدا کە بەوردی و قووڵی باسی بەکارهێنانی لە هەموو ئاست و بوارەکان بکردبایە (لە وڵاتان و هەرێمەکانیان ئەم یاسایە هەیە، بە نموونە هەر لە هەرێمی کیبیك چوار یاسای زمان تاکو ساڵی ١٩٩٣ دەرچوو ەو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ١/١٩٩٢، هەروەها هەڵبژاردنی سەرکردەی ڕزگاریخوازی

بزووتنەوەی کورد بەپێی یاسای ژمارە ٢/ ١٩٩٢ ئەنجامدرا، دواتر یاسای ژمارە ١/ ١٩٩٢ چەندین جار هەموارکرا، بەڵام لەمانیش ناوی زمان نەهێنراوەو کارنامەی هەڵمەتی لایەنەکانی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەر لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ دا لە هەردوو خولی پەرلەمانی کوردستان یەکەمین) ١٩٩٢ - ٢٠٠٥ ( دووەمین) -٢٠٠٥ ٢٠٠٩ ( بەشدار بووم لە هەموویان زۆر بەپەلەو بەلەز باسی زمان کراو ەو گەر بڵێن ئەمەیان (تحصیل حاصله)، لەبەرئەوەی دیار ەو ڕوون و گەر بە وەرگێڕانی هەموو دەقە کوردییەکانی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ – ٢٠٠٩)دا بچینەوە ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان وەرگێڕانەکاندا هەیە. دەبا بزانین چ لایەنێك ئێستا بەرپرسە لەداڕشتنی پڕۆژە یاساکان. (جامباز، ٢٠٠٩)

ژمارەی ئەو یاساو بڕیارانەی لە ١٩٩٢ - ٢٠١٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون سەرجەمیان (شەش سەد پترە)، بەڵام یەکجار کەم باسی زمانیان تێدا کراوە. هەر بۆ نموونە:

نموونەی یەکەم: لە یاسای ژ ١٠/ ٢٠٠٨ خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی باسی زمان نەکرابوو، بۆیە بە پێویستم زانی لە لیژنەی یاسایی لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی

زانکۆکانی کوردستان و پەیمانگاکانی سەربە زانکۆکان یا لە لیژنەی هاوبەشی یاسایی و پەروەردەو خوێندنی باڵا باسی بکەم و لە هەردوو کۆبوونەوەش وەزیر ئامادە بوو جەختم لەسەر ناوهێنانی زمانی کوردی کردەوە، دەرەنجام توانیمان کە بۆ یەکەمین جار لە یاسای وەزارەت لە بڕگەی دوازدەهەم لە ماددەی دووەمی دابنرێ کە ئەمە دەقەکەیەتی: "کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکانداو هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی".

لە بەیاننامەیەکی پەرلەمانی کوردستان بە ژ (١٦٢٨ لە ٢٣ / ٩/ ٢٠١٠ ) بەم جۆرە باسی زمانی کوردی کراوە: "لەبەرئەوەش کە نوسخە عەرەبییەکە بە ئەسڵ دادەنرێ، بەوپێیەی کە دەقێکی ئەسڵییە و لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوە و نوسخەی کوردییەکە وەرگێڕانی دەقە ئەسڵییەکەیە دەبێ وەك ئەو بێ. وە بۆ ئەوەی ئەمە ڕەچاوبکرێ و بەپێی ئەو دەقەی لە نوسخە عەرەبییەکەدا هاتووە پشت بەمادده (٤٤)ی یاسای ناوبراو ببەسترێ، بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێبدەین و ئەم بەیاننامەیە دەربکەین (جامبار، ٢٠٠٩).

نموونەی دووەمیش: کۆتایی ساڵ ٢٠١٠ پڕۆژەی یاسای زانکۆ تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ئەنجومەنی وەزیران نێردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لە ٢٩ / ١١ / ٢٠١٠ بڕیاردرا دوابخرێ. لە ماددەی ٧ لەم پڕۆژەیەدا گەر وردبینەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: "زمانی وانە گوتنەوە لە زانکۆ و کۆلیجە زانکۆ ئینگلیزییە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەند ێ پسپۆڕی مرۆیی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کە وەزارەت دەستنیشانی دەکات بە زمانە ناوخۆییەکان دەبێ). دەستخۆشی لەدواخستنی پڕۆژەکە لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، چونکە ئەم ماددەیە بە پێچەوانەی ماددەی چوارەمی دەستووری کۆماری عێراقە ٢٠٠٥ کە لە سەرتاسەری عێراق دوو زمانی ڕەسمی (عەرەبی و کوردی) هەیە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکە دەپرسین لە کام کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان جگە لەبەشی (زمانی ئینگلیزی) سەرتاپای وانەکانی خوێندنیان تێدا بە زمانی ئینگلیزییەو ناوهێنانی زمانەکانیش زمانە خۆجێیەکانە؟ ئەمەیان یاسای ژ٧٤ / ١٩٣١ بەبیر دێنێتەوە کە پێش هەشتا ساڵ دەرچووە. (جامباز، ٢٠٠٩) حکومەتی کوردستان) ١٩٩٢ – ٢٠٠٩. ( گەر کارنامەی کابینەکانی حکومەتی کوردستان ) یەکگرتوو/ دوو ئیدارەیی/ یەکگرتوویی ( بخوێنینەوە، ئەوا بەچەند وشەیەك باسی زمانیان تێدا کراوە، لەبەرئەوە پلان و نەخشەڕێگایەك

دانەنراوە، کە بەڕێکوپێکی (بەدامەزراوەیی) کابینە دوای کابینە پتر گرنگی و بایەخ و بەهای پێبدرێ، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن پڕۆگرامەکانی بەچاپ گەیاندراوە، خوێندن لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێم سەرەڕای زمانی کوردی و عەرەبی، بە زمانی تورکمانی، سریانی و ئەرمەنیش هەیە، ژمارەی ئەو خوێندنگاو قوتابخانانەی کە تاکو قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێنن ٤٩٧ لە بەرامبەردا ١٧ بە زمانی عەرەبی هەیە، گەر هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠٠٩ بە پلانێکی درێژخایەن لەلایەن وەزارەتەوە دەتوانرا لە هەر بەشێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان ساڵانە تەنیا دوو کتێب بە (نووسین یان وەرگێڕان یان ئامادەکردن) ئەنجامبدرایە، ئەمڕۆ تێکڕاو پێکڕای (بابەتەکانی بڕیار لەسەردراو بۆ خوێندن) بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێندران، چونکە هیچ بەشێك پڕۆگرامی ئەو بابەتانەی دەخوێندر ێ لە چل ناونیشان پتر نابن ( ٢ ×١٩) = ٣٨ واتە خوێندن بە ڕێکوپێکی بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچوو، نەك وەکو ئەمڕۆ (هەندێ مامۆستای زانکۆ بێ لێوردبوونەوە(دەڵێن) وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە)، گەرچی کوردن و دەتوانن پرسیارەکان بەزمانی کوردی دابنێن و وەڵامەکانیش بخوێننەوە، هەندێ جاریش

لەبەرئەوەی پرسیارەکان بە زمانی عەرەبین و ئەوانەی خوێندنیان بە زمانی کوردی تاکو زانکۆ تەواوکردووە لە مانای پرسیارەکان ناگەن.

ئەنجومەنی دادوەری (دەسەڵاتی دادوەری) گەرچی لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژ١٤ / ١٩٩٢ لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ماددەی پێنجەمیدا هاتووە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: "زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لە قسەی دژکاران (الخصوم)و شایەتەکان بگرێ". بەڵام دەقنووسەکە جێبەجێ نەدەکرا، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی ڕێکارەکانی دادگاکان بەخێرایی بەڕێوە بچن، زمانی کوردی دەکرایە زمانی عەرەبی ئینجا لە تۆمارگاکان تۆماردەکرا، گەر بەڵگەکانیش بە زمانی کوردی بوونایە ئەوا بڕە پارەیەك دەدرا بە وەرگێڕ تاکو بیکاتە زمانی عەرەبی.

میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی میدیاکان (بینراو، بیستراو، خوێنراو) تا چ ڕادەیەك ڕۆڵیان لەم بارەوە هەبوو؟ ئاماژە بە ژمارەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن و ژمارەیان (٦٣٣)یە، زۆربەی زۆریان بە زمانی کوردی دەردەچن، سەرەڕای ٨٠ ئێزگەی ڕادیۆ کە بە شەپۆڵە جیاجیاکان و (١٠٠) سەد تەلەفزیۆنی لۆکاڵیش پەخش دەکرێن، هەروەها ٢٠ بیست

**کەناڵی ئاسمانی و سایتەکان لە ئینتەرنێت بە زمانی کوردیش پەخش دەکرێن و دەخوێنرێتەوە، میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی پێویستدا نین و دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە، چونکە زمان ستراتیژە، ئاسایشی نەتەوەییە، بەزاندنی هێڵی سوورە، تا کەی لەم بوارەدا زمانی کوردی بشێوێنرێ و لایەنەکانی پەیوەندیش بەدەنگ نەیەن؟**

# ئەنجامگیری

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنراوەو پایتەختەکەی هەولێرە. پەرلەمانی هەرێم بە لایەنگرێکی زۆرەوە هەڵبژێردراو ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەو کابینەیەکی حکومەت پێکهێنرا. بە هۆی ناکۆکی نێوان دوو هێزە سەرەکییەکی کوردستانەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو زۆنی زەرد و سەوز دابەش کرا و دوو حکومەتی خۆجێی دانران ، یەکەمیان پایتەختی هەولێر بوو و دووەمیشیان سلێمانی، لە هەردوو حکومەتەکەدا وەزارەتەکانی رۆشنبیری، پەروەردە و خوێندنی باڵا سەروکارییان لەگەڵ پێگەی زماندا هەبووە.

دوای رزگاری عێراق لە ٢٠٠٣، سیاسییەکانی کورد بوونە ئەندام لە ئەنجومەنی حوکمی عێراق. لە ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ سێ هەڵبژرادن ئەنجام درا ١) بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی ٢) بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و ٣) بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان. یاسای

بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ سەردەمی ئینتیقالی، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆم-ی سەلماند بە "سەروەریی تەواو"و ڕێزگرتن لە دەستووری هەمیشەیی. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دەستووری هەیە بەسەر پارێزگاکانی هەولێر، دهۆکو سلێمانیو چەند ناوچەیەکی دیالەو نەینەواو کەرکوک.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە نەبووەتە خاوەنی سیاسەتێکی زمانەوانی بۆ زمانی کوردی کە بە شێوەی نوسراو هەبێت بەڵام لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نوسراوە ڕەسمییەکاندا زمانی کوردی پەیڕەو دەکات.

مادەی ١٤ی ڕەشنووی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٥ پێگەی زمانی بەم شێوەیەی دیاریکردووە: لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دام و دەزگاکا فێرکارییەکانی حکومەتدا بە پێی مەرج و رێککارە پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان، .. هەروەها لە بڕگەی ٣یەم دا هاتووە: "لە هەرێمی کوردستان کار بە حکموکانی مادەی ٤ی

دەستووری حێراقی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لە هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی".

بە پێی دەستوری عێراقی زمانی کوردی هاوکات لەگەڵ زمانی عەرەبیدا زمانی فەرمی عێراقە و دەبێت لە هەموو دامەدەزگایەکدا نیشان بدرێت، بەڵام چەندین هەوڵ هەبوون و بەردەوامییان هەیە بۆ پەراوزخستنی زمانی کوردی لە عێراقدا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو رووەوە هەڵوێستێکی وای نەبووە، دوایین هەوڵیش ئەوە بوو کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ دا حکومەتی عێراقی نوسینەکانی زمانی کوردی لەسەر فۆڕمی خۆراک لادا، لەو بارەیەشەوە ئارام شێخ محمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە کوردە، داوای روونکردنەوەی کرد، بەپێی نووسراوێکی نووسینگەی ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی ٢٨ ی دیسامبەری ٢٠١٧ ، بەنووسراوی فەرمی ژمارە (م.ن/ ٢٩٦) داوای لەفەرمانگەی پلاناندان و بەدواداچونی سەر بەوەزارەتی بازرگانی عێراق کردوە ڕوونکردنەوە بدات لەبارەی هۆکاری بەکارنەهێنان و لابردنی زمانی کوردی لەسەر پسولەی خۆراکی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەو کارە پێشێلکردنی مادەی ٤ دەستوری عێراقە. هەمان ڕۆژ فەرمانگەی ناوبراو بە دوو

نووسراوی جیاواز، وەڵامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی داوەتەوە، کە لە نووسراوی یەکەمیاندا ئاماژەی بەوە کردوە کە بەهۆی نەبوونی پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانگەکەکانی پسوڵەی خۆراکی هەرێم، بەبێ مەبەست زمانی کوردی لەسەر پسوڵەکان نەنووسراوە، هاوکات پەیوەندییان کردوە بەچاپخانەی (نەهرەین) کەئەرکی چاپکردنی پسوڵەکانی لە ئەستۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسەو تەئکیدیشیان کردوە کە ئەو داوایە بۆسالآنی داهاتو بەهەند وەردەگرن.

لە ئێستادا زۆرینەی زۆری نوسراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەنوسرێن کە دیالێکتی کوردی ناوەڕاستە و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش هەمان دیالێکتی کوردی بەکاردەهێنن.

ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، لە رووی سیاسییەوە زمانی کوردی لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا بە پێی یاسای و دەستوور پێگەی خۆی دیاریکراوە بەڵام هێزە سیاسییەکان بە تایبەت کوردییەکان کەمترین بایەخیان بە سیاسەتی زمانی کوردی داوە، هەروەها لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی بایەخی کەمتر کراوەتەوە و زمانی ئینگلیزی لە پێشترە لە گرنگی پێداندا، ئەوەش بە هۆی هەژموونی

زمانی ئینگلیزییەوە کە بۆتە زمانی گلۆبال، هەروەک لە رووی بازرگانیەوە زمانی کوردی پێگەی دیاریکراوی نیە چونکە کورد دەوڵەت نیە و ئەو خواردنو شتومەکانەشی هەناردەی دەرەوە دەکرێن بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەسەریان دەنوسرێت، هاوکات بۆ گەشتیاران کە رووەدەکەنە هەرێمی کوردستان کۆرسی زمانی کوردی بوونی نیە، میدیاکانیش دابەشبوون بەسەر هەردوو بەرەی ئەفبێی کوردی و لاتینیدا و زمانی کوردیان زیاتر پەرتەوازە کردووە.

# کۆتایی

 لە کۆتاییدا ئەم بەشەدا ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەبنە ریکۆمێندەیشنی گرنگ سەبارەت بە سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش بۆ ئەوەی سیاسەتی زمان وەکو وڵاتان و هەرێمەکانیان بەپلاندانان بەڕێوە بچێ ، پێویستییەکی هەمیشەییمان بەم خاڵانە هەیە، تاکو بەڕێکوپێکی لە هەموو ئاس تو بوارەکاندا جێبەجێ بکرێت:-

یەکەم: دەرچوواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستان و لە پەرلەمانی عێراق، تاکو ماددەی چوار لە دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ بەڕاست یو دروستی پراکتیزە بکرێ .

دووەم: لیژنەی زمانپارێزی لەلیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنزیکترین دەرفەتدا لەیاساناسا نو زمانزانان بڕیاری پێکهێنانی بدر ێ، بۆ ئەو پڕۆژە یاس او بڕیارانەی بە )دە( پەرلەمانتار پێشکێش دەکرێن.

سێیەم: لیژنەیەکی هەمیشەیی لە زماناسان و یاساناسان( بۆ داڕشتنی یاساو بڕیارەکان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ئەنجومەنی وەزیران پێکبهێنرێ بۆ ئەو پڕۆژە

یاس او بڕیارانەی لەئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانەوە پێشکێش دەکرێن، نەك فەرمانبەرێك یا دووان وەکو هەر ئەرکێکی فەرمانبەری ئاسایی ئەنجامی بدەن.

چوارەم: دەبێ ئەکادیمیای کوردی فراوانتر کاتی بۆ زمانی کوردی تەرخان بکات، چونکە هەستان ەم ئەرکە دیرۆکییە ئەمڕۆ یەکجار پێویستە ئەویش بەدانانی زاراوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان و سالانە بەدواداچوونیان بۆ بکات بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان. هەروەها لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تابلۆی نووسینی دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەتی لەلایەنی زمانەوانی بە بەردەوامی جەختی لەسەر بکەنەوە، تاکو پەرەپێدانی ئەکادیمیای زمانی کوردی.

پێنجەم: بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانیش لە زانکۆکانی کوردستان دەبێ بەپلاندانان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی با ڵاو توێژینەوەی زانستی هەموو بابەتەکان بەوەرگێڕان و دانان و ئامادەکردن ئەنجامبدرێن و چیتر دوانەخر ێ کە نۆزدە ساڵە دواخراوە، تاکو دیواری بەرلین تەخت بکرێ و نەمێنێ و جگەرگۆشەکانمان لەجیاتی ئەوەی دڵەڕاوکێ و بێزارییان لەزمانی کوردی هەبێ ، بەئاسوودەیی و دڵنیایی بەزمانێکی کوردیی پاراو بخوێنن و سەرچاوەش بەزمانی کوردی پت رو فراوانتر بکرێت، ئەمڕۆ تێزی ماستەر و دکتۆراە لەزانکۆکانی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر کەمیان

بەزمانی کوردین و ئەوانی دیکەش زۆرینەیان بە زمانی عەرەبین.

شەشەم: دەبێ ڕاگەیاندن میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە خەمخۆرییەکی وڵاتپارێزانە چاودێری زمانپارێزی بکەن و بەئەرکی دیرۆکەییان بەگوێرەی پێویست ڕابن، کە تاکو ئێستاشی لەگەڵداب ێ بەڕێکوپێکی جەختی لەسەر نەکراوە.

حەوتەم: زمان بنەمایەکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، ستراتیژە، دەبێ ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە هزر و بیری هەر تاکێکی کورد لەهەر شوێنێکی دونیادا بن. ئەوەی بەچاوێکی کەم و نزم و خوارتری دابنێ ئەوا پێویستە یەکسەر وەڵامی بدرێتەوە و داواکاری گشتی لە دادگاکان داوای لەسەر تۆمار کردوون، چونکە پەیوەستە بەپیرۆزی و مەزنی و بەرزی لەلای چل ملیۆن کورد و لەهیچ زمانێکی دیکە کەمتر نییە، بەڵکو یەکسانە لەگەڵیان و پێکەوەژیان و لێبوردەیی وای کردووە کە نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم مافە ڕەوایەیان هەب ێ چ لە شاخ چ لە شار پراکتیزە کراوە بەخوێندن بەزمانی تورکمانی و سریان یو ئەرمەنی و هەرس ێ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن. بەڵام هەندێ لەو قوتابخانانەی لە کوردستان کراونەتەوە جگەرگۆشەکانیان

لەهەستی نەتەوایەتی دوور دەخەنەو ەو پێویستە لایەنی بەرپرس پلانیان هەب یَ بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسییە کە لەئایندەدا چاوەڕوان دەکریَ.

هەشتەم: دەبوایە ئەوانەی زمانی بیانی دەزانن و توانای وەرگێڕانیان هەیە ئەزموونی وڵاتانی فرەزمان بکەنە زمانی کورد یو عەرەبی چ دەستووری وڵات و هەرێمەکانیان یان یاسای زمانی وڵات یا هەرێمەکانیان، هەروەها ئەو شاندانەی سەردانیان کردوون دەبوایە لەبارەی ئەزموونیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بینراو، بیستراو، خوێنراو پەخش و بڵاو بکەنەوە، چونکە لەم بارەوە نەك بەزمانی کوردی، بەڵکو بەزمانی عەرەبیش نییە و بۆ وشیاری نەتەوەیی و یاسایی و فیدراڵی ئەم جۆرە بابەتانە یەکجار پێویستێکی هەمیشەیین بۆ ئەو کەسانەی لەیەك زمان و یەك نەتەوە ڕاهاتوون.

نۆیەم: پێویستە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی) پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکان و ئەوانی دیکە(دا لەخاڵە سەرەکییەکان بیَ تو پێویستە نەك هەر لەپەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی لایەنەکاندابیَ ، بەڵکو هەریەکێکیان بەرنامەی تایبەتی خۆی هەب یَ بۆ سیاسەتی زمان هەروەکو پارتی سەوز لە کۆماری ئێرلەندا کە ماوەی بیست ساڵە) ٢٠٠٩ - ٢٠٢٩ ( سیاسەتی زمانی داناوە. پێویستە

سیاسەتی زمان هەمیشه جەختی لەسەر بکر ێو له کارنامەی کابینه یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتی کوردستان دابنرێت، تاکو هەر لایەنێك سیاسەتی زمانی خۆی هەبێ و ململان ێ له نێوانیاندا لەسەر زمانپارێزی ب ێ، چونکه لەستراتیژی ئاسایشی هەر نەتەوەیەکدایه، گەر سیاسەتی زمانمان نەب ێ، نەوەی ئاینده پەنجەی کەمتەرخەم یو خەمساردی و بێباکیمان ئاراسته دەکات، منیش دەڵێم ڕاست دەکەن و دەپرسم تاکەی ب ێدەنگی و خۆ کڕکردن و تاکەی سیاسەتی زمانمان نەبێ؟ بەڵام چ کات و وەختێ ؟ دەبا چیتر دوانەکەوێ و دەستبەجێ دەستبەکاربین.

دەیەم: له مەرجەکانی ئەو کەسەی دەیەو ێ به بەردەوامی له هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ب ێ، پێویسته تاقیکردنەوەی زمانی کوردی بەنووسین و خوێندنەوەی بۆ بکرێ و هەمان تاقیکردنەوەش بۆ دامەزراندن لەدەزگاکانی حکومەت ئەنجام بدرێ. جگه لەوانەی که بەزمانی کوردی خوێندوویانه.

یانزەیەم: له بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕه پارەیەکی چاك بۆ سیاسەتی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی کوردستان تەرخان بکر ێ، چونکه زۆر دیدار و سیمینار و کۆنفرانس دەبەسترێ و پارەیەکی زۆری لێ سەرف دەکر ێ، بەڵام ئەم بواره ناگرێتەوە، بۆ چو

لەبەرچی ئەم بوارە) سیاسەتی زمان( کە لە ستراتیژی نەتەوەییە سیاسەتێکی تایبەتی بۆ دانانرێ ؟

دوانزەیەم: کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان بەئەرکی پراکتیزەکردنی بەکارهێنانی لە هەموو بوارەکا نو لەئان و ساتی خۆیدا هەڵدەستێت بەهۆشداری و سزای ئەوانەش دەدا کە دەستبەج ێ نایخەنە بواری جێبەجێکردن و لەهەند ێ وڵاتیش پۆلیسی زمان هەیە کە چاودێری نووسینەکانی سەر دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت دەکات.

سیانزەیەم: بەپلانێکی درێژخایەن زمانپارێزی لەبواری پەروەردە و فێرکرد نو میدیاکان کاری بۆ بکر ێو دەستبەج ێ خەمخۆرانی بەم ئەرکە ڕابن. و لیژنەی تایبەتی هەمیشەیی بۆ زمانپارێزی لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەسەرپەرشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنرێ بەمەرج ێ بەپلاندانانی تۆکمە کارەکانیان ئەنجام بدەن تاکو جگە لە نووسراوەکان، نووسینی سەر شوێنە گشتی و تایبەتییەکانیش بەوردی و قووڵی چاودێری بکرێن، دەب ێ بەهەردوو زمانی فەرمی عەرەبی و کوردی بەپاراو یو ڕێکوپێکی بنووسرێن.

# سەرچاوەکان


- ئەمجەد شاکەلی، ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، چاپی دووەم، ٢٠١٣
- ٢. ئەمیر حەسەن پوور، دەربارەی کێشە هەنوکییەکانی زمانی کوردی، (٢٠١٢)، سیمینار، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، سوید.
- تارق جامباز، یاسای زمانە رەسمییەکان، گ. پارێزەر، (٢٠٠٣)، ژ. (٥-٦).
- جەعفەر شێخولئیسلامی، زمانی ستانداردو زمانی یەکگرتو... هاوڵاتی، ٢٠٠٨/٧/٢، ژ (٤٣٦).
- دەستوری کۆماری عیراق، ئابی (٢٠٠٥).
- سەلام ناوخۆش، ستاندارد بوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیایەتی زمانی، (٢٠١٠)، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی، منارە، هەولێر.
- عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، ئەتڵسی زمان هەرێمی کوردستان، (٢٠٠٩)، وەک نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان، (٢٠١١)، سەردەم سلێمانی.
- فوئاد محەمەد خورشید. زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافی شێوە زارەکانی، (١٩٨٥)، بەغداد: ئافاقی عەرەبی.
- قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، (٢٠٠٧)، چ. یەکەم، موکریان، هەولێر.
- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، (١٩٩٠)، دار الحکمە، بەغدا.
- محەمەد مەعروف فەتاح،، زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی کوردی، (٢٠٠٨).
- محەمەدی مەحویی، مەنامە، دەروازەی یەکەم، (٢٠١٧)، سلێمانی.
- محەمەدی مەحویی، زمان و زانستی زمان، سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، (٢٠١١)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، زمانی ستانداردی کوردی، (٢٠١٣)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ١٦. هاشم ئەمین، زمانی کوردی و پێگەی زمان لە زمانە جیهانییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ٢٠١٧

# Kurdish Language and Languge Policy In Iraq and Kurdistan Region




*Momen Zellmi*